**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠١٢

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٢) لە ٥/ ٦/ ٢٠١٢ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی٢٠١٢

## هەموارکردنی یاسای پیادە کردنی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتی کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان- عیراق

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێ کردنی ماددەی سێیەمی یاساکە لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق رادەگیرێت و، ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە تێکڕای کرێکاران و کارگوزاران لە دەزگا و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت لە نێو هەرێمدا دەگرێتەوە، بە چاوپۆشین لە ژمارەی کارمەندان .

**دووەم:** حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەمانە ناگرێتەوە:

١- فەرمانبەر لە یەکێك لە فەرمانگە یان دەزگاکانی حکومەت یان ئەوانەی یاسای راژەی مەدەنی دەیانگرێتەوە.

٢- ئەو کرێکارەی لە لای رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و نێردە دیپلۆماسییە بیانییەکاندان.

٣- ئەو کرێکارەی لە لای لایەنانێکن کە مەرجیان هەیە بۆ کرێکارەکانیان، کە دەبێ بچنە ژێر باری سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە خۆیانەوە.

٤- کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پاسەوانانی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

دووبارە کار بە بڕگەی (ز) لە ماددەی (٢٠)ی یاساکە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا دەکرێت و، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ز- گەنجینەی گشتی بەشداری بکات لە داهاتی سندووقی بیمە و خانەنشینیی کرێکاران، ئەم بەشداری کردنەش بەوە دیاری دەکرێت، کە وەزارەتی دارایی و ئابووری لە بودجەی ساڵانەی هەرێمدا، بە رێژەی (٣٠٪) تەرخانی دەکات لەو ئابوونانەی دراونەتە سندووق لە ماوەی ساڵی دارایی رابردوودا.

**ماددەی سێیەم:**

جێبەجێ کردنی بڕگەی (ب/٢) لە ماددەی (٣٨)ی یاساکە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق رادەگیرێت.

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەیەك بە ریزبەندی (ز) بۆ ماددەی (٤٨)ی یاساکە زیاد دەکرێت، لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا جێبەجێ دەکرێ و، بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ژنی بیمەداری کارکەر، دوای تەواو بوونی مۆڵەتی منداڵ بوون، مافی هەیە داوای مۆڵەتی دایکایەتی بۆ ماوەیەك بکات کە لە یەك ساڵ زیاتر نەبێت بە نیوە مووچە، بە مەرجێك لە بڕی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی کەمتر نەبێت، لە لایەن گەنجینەی گشتییەوە پێی دەدرێت، بە مەرجێك گرێبەستەکە تەواو نەبوو بێت.

**ماددەی پێنجەم:**

جێبەجێ کردنی بڕگەی (هـ) لە ماددەی (٥٠)ی یاساکە لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق رادەگیرێت و، ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

هـ- مووچەی خانەنشینی تەواوی نەخۆشی و مووچەی خانەنشینی بەشەکی لە بری ناتوانایییەك کە یەکسانە بە (٧٥٪) و بەرەو ژوور لە ناتوانایی تەواو، لە کاتی مردنی خانەنشینەکەدا دەخرێتە سەر میراتگری، هەرچی مووچەی خانەنشینی بەشەکیی نەخۆشییە لە بری ناتوانایییەکی کەمتر لە (٧٥٪) لە ناتوانایی تەواو، ئەوا لە کاتی مردنی خاوەنەکەیدا بە یەکجاری دەبڕێت.

**ماددەی شەشەم:**

جێبەجێ کردنی هەردوو بڕگەی (ب) و (ج) لە ماددەی (٦٠)ی یاساکە لە هەرێمی کوردستان رادەگیرێت و، ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

ب- ئەگەر خانەنشینێکی توشبوو بە ناتوانایییەکی یەکسان بە (٧٥٪) بەرەو ژوور مرد، مووچەکەی دەخرێتە سەر میراتگری.

ج- ئەگەر خانەنشینی توشبوو بە ناتوانایییەکی بەشەکیی کەمتر لە (٧٥٪) مرد، میراتگری قەرەبوویەکی پێ دەدرێت یەکسان دەبێت بە مووچەی خانەنشینی تووشبوونی بەشەکی لە بڕی چوار ساڵ، لە حاڵەتی ئەوەی میراتگری مافی مووچەی مردنەکەی نەبێت.

**ماددەی حەوتەم:**

جێبەجێ کردنی ماددەی (٦٩)ی یاساکە لە هەرێمی کوردستان رادەگیرێت و، ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە:

أ- رادەی هەرە بەرزی مووچەی خانەنشینی تەواو سەبارەت بە هەموو لقەکانی بیمە لەم یاسایەدا، لە هەموو حاڵەتێکدا نابێ لە (٨٠٪)ی مامناوەندی مووچەی مانگانەی دوایین ساڵی بیمە کراو لە راژەی کار، تێپەڕێنێت.

ب- رادەی هەرە کەمی مووچەی خانەنشینی تەواو سەبارەت بە هەموو لقەکانی بیمە لەم یاسایەدا، لە هەموو حاڵەتێکدا نابێ لە رادەی هەرە کەمی مووچەی خانەنشینی فەرمانبەر بێتە خوارێ.

ج- مووچەی خانەنشینی بەشەکی لە هەموو حاڵەتەکاندا کەمتر نابێت لە ئاستی کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی.

**ماددەی هەشتەم:**

هەر دوو ماددەی (یازدەم و دوازدەم) وەك بەشێکی تەواوکراو بۆ یاسای ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ جێبەجێ دەکرێت و لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا کاری پێدەکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٢٧) لە یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتیی کرێکاران، کرێکارانی کەرتی تایبەت کە خاوەن کاری هەمیشەیی یان بەردەوامیان نییە، لە حاڵەتی بەشداری کردنیان لە سندووقی بیمەدا، مافی بیمەی کۆمەڵایەتیان دەبێ، بە مەرجێك لە دامەزراوەکانی هەرێمدا مووچەیان نەبێت و، چۆنیەتی تۆمار کردنیان و وەرگرتنی ئابوونە لێیان، بە پەیرەوێك رێك دەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەکات.

**ماددەی دەیەم:**

کرێکاری بیمەدار مافی هەیە سوود لە بیمەی بێکاری بە گوێرەی ئەم بنەمایانە وەربگرێت:

**یەکەم:** دەبێ پێدانی بیمەی بێکاری بۆ ماوەیەك بێت کە لە (دوو ساڵ) کەمتر نەبێت.
**دووەم:** بیمەدار لە ماوەی بێکاریدا و بۆ ماوەیەك کە لە (شەش مانگ) زیاتر نەبێت، بڕە پارەیەکی یەکسان بە کۆمەکی پاراستنی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت بە مەرجێك لە (سێ) جار تێنەپەڕێنێت.

**مادەی یازدەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی دوازدەم:**

دەبێ وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی سێزدەم:**

لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی چواردەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمیی "وەقایعی کوردستان"ـەوە کاری پێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

**هەولێر :**
**١٦/ حوزەیران/٢٠١٢ ی زایینی**
**٦/ پوشپەڕ/٢٧١٢ ی کوردی**
**٦ / شەعبان / ١٤٣٣ کۆچی**

## "هۆی دەرچوونی"

**بە ئامانجی هاوشان ڕۆیشتن لەگەڵ شتانی نوێ باو و گۆڕانکارییەکان لە بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا و پشتیوانی کردن لە کرێکاران بە بەرز کردنەوەی ئاستی گوزەران و کۆمەڵایەتییان و لە کەرتەکانی تایبەت و تێکەڵ و هەرەوەزیدا ماف و دەسکەوتی زیاتریان بۆ دەستەبەر بکرێت و تا کاتی دەرکردنی یاسایەکی تەواو بۆ بیمەی کۆمەڵایەتیی تایبەت بە هەرێم، ئەم یاسایە دەرکرا.**